# بەشی دووەم

# پێدان و نوێ کردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت

**ماددەی دووەم :**

هەرکەسێك یان کەسایەتییەکی مەعنەوی ، بەتەنها یان بەکۆمەڵ ، مافی دامەزراندنی قوتابخانەی ناحکومی هەیە بەڕەچاوکردنی ماددەکانی یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی (٢٠١٢) و ماددەکانی هاتوو لەم ڕێنماییە:

**یەکەم**: ئەگەر داواکار بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی قوتابخانەی ناحکومی کەسێکی ئاسایی بوو، پێویستە ئەم مەرجانەی تێدابێت:

١- تەمەنی لە (٢٤) بیست و چوار ساڵ کەمتر نەبێت.

٢- بە تۆمەتی گەندەڵی و بەدڕەوشتی سزا نەدرابێت.

٣- نابێت فەرمانبەر بێت لە کەرتی گشتی.

٤- توانای دارایی پێویستی هەبێت بۆ جێبەجێکردنی هەموو دواکاریانەی کە لە یاساو ڕێنماییەکانی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکاندا هاتووە، بە بەڵگەی بانکی.

**دووەم**: ئەگەر داواکار بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی قوتابخانەی ناحکومی،کەسایەتییەکی مەعنەوی بوو وەك کۆمپانیا یاخود ڕێکخراو ، پێویستە ئەم مەرجانەی تێدابێت:

١- ئاکاری پەروەردەیی هەبێت.

٢- تۆمارکراوبێت لە هەرێمی کوردستان.

٣- دیاریکردنی بریکاری یاسایی کە نوێنەرایەتی کۆمپانیا/ ڕێکخراو بکات بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی.

٤- توانای دارایی پێویستی هەبێت بۆ جێبەجێکردنی هەموو دواکارییەکانی هاتوو لە یاساو ڕێنماییەکانی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان بە بەڵگەی بانکی.

**ماددەی سێیەم :**

گشت قوتابخانە ناحکومییەکان، کە لەلایەن کەسێك یان کەسایەتییەکی مەعنەوی دادەمەزرێن ، لەژێر ناوی باخچەی منداڵان، قوتابخانە (بنەڕەتی یان ئامادەیی)، یاخود پەیمانگەی ناحکومی پۆلێن دەکرێن.

**ماددەی چوارەم :**

**یەکەم**: لە هەموو کاتێکدا دەکرێ داوای پێدانی مۆڵەت بکرێت، بەڵام پێویستە مامەڵەکە لەگەڵ دابینکردنی هەموو بەڵگەنامە داواکراوەکان پێش (٧/١٥) بگاتە وەزارەت.

**دووەم**: نوێکردنەوەی مۆڵەت: دەبێ قوتابخانە ناحکومییەکان دووساڵ جارێك مۆڵەتەکانیان نوێ بکەنەوە، پێویستە مامەڵەکانیان پێش ٨/١٥ی هەرساڵێك بگاتە وەزارەت.

**سێیەم**: تەنها وەزارەتی پەروەردە مافی پێدانی مۆڵەت و نوێکردنەوەی مۆڵەت و هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی هەیە.